# +لەیەکەمین گەشتدا شاندێکی زانکۆکانی کوردستان گەیشتنە ئەڵمانیا




شەهاب عوسمان/ئەڵمانیا:

لەڕێوڕەسمێکی تایبەتدا فرۆکەخانەی میونشنی نێودەوڵەتی وکۆمپانیای ئاسمانی گێرمەنیا بەبۆنەی دەستپێکردنەوەی گەشتەکانی سلێمانیەوەو لەمیانەی مەراسیمێکدا کەپرێسەی فرۆکەخانەو بەڕێوەبەری کۆمپانیای دوکان ئێرو پەیامنێری pukmedia وستافی فرۆکەی ئەو گەشتانەو جێگری بەڕێوەبەری کۆمپانیای گێرمەنیا ئامادەی بوون دەسپێکی گەشەتاکانیان کردە بۆنەیەک بۆ شیرنی خواردن و وێنەگرتنی یادگاری و بەخشێنەوەی نەستەلە بەسەر گەشتیارانی ئەو گەشتانەدا کە ناو و بەرواری گەشتەکەی ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/٦ ومیونشن سلێمانیان لەسەر دانابوو.لەدەروازەی فرۆکەکەشدا پێشوازی گەرم لەگەشتیارانکراو گەشتیارانیش بەخۆشحاڵیەوە هاوڕێی گەشتەکەبوون..ئەگەرچی فرۆکەکەی گەرمەنیا لەگەشتێکی ئیسپانیاوە هاتبوەوەو لەوێش بەهۆی بەفرو مانگرتن و کێشەی فرۆکەخانەی ئەو وڵاتەوە وایکردبوو یەک کاتژمێر دوابکەوێ لەگەڵ ئەوەشدا هیچ کاریگەری لەسەر ڕێکوپێکی گەشتەکەو ئامادەکاریەکانی نەبوو،بەپێچەوانەوە هەر لەوادەی خۆیدا پۆل پۆل گەشتیاران گەیشتنە فرۆکەخانەو دوای دڵنیابوون لەبلیت ورەوانەکردنی کەلوپەلەکانیان بەشێوەیەکی ڕێکوپێک و بێدەنگ ئیدی هۆڵی ترانسێت و بووە جێی پشوو چاوەڕوانی کە دواتربە پێشوازی و وەرگرتنی دیاریەوە بەناو خەرتومی فۆکەکەدا بەڕێکران..

*فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی میونشن لەماوەی چوارمانگی ڕابوردودا زیاتر لە ١٠ ملیۆن گەشتیاری بەهۆی فراوانبوونی گەشتەئاسمینایەکانەوە زیاد کردوەو دەستپێکردنی گەشتەکانی میونشن هەولێرو میونشن سلێمانیش ژمارەیەکی ترەو دەچێتە سەر ئەو ڕێژەیە هەر ئەمەش وایکرد کەبە بایەخەوە مەراسیمی بۆ ڕێکبخەن چونکە ئەمان پێیان وایە فراوانبوونی گەشتیاران و گەشت وکۆمپانیاکان داهاتێکی گەورەیە هەم بۆ فرۆکەخانەو هەم بۆ شارەکەیان و هەم بۆ دام ودەزگاو کۆمپانیاکانی هاتوچۆش..شایانی باسە هەفتەی ڕابووردو ١٢/١ لەکاتێکدا کە زیاتر لە٢٠٠٠ هەزار گەشتی ئاسمانی لەئەڵمانیا بەهۆی بەفرو سەرماو شەختەو بەستەڵەکەوە ڕاگیراو تەنیا لە فرۆکەخانەی میونشندا ٢٥٠ گەشت ڕاگیرا بەڵام وەک پشتگیری و هاوکاریەک بۆ یەکەمین گەشتی میونشن هەولێر بەختیانکردە یاوەری گەشتەکەی هەولێرو یەکێک بوو لەو فرۆکانەی کە خرایە

ناوسەرەوەو ڕێگەی بۆ پاک کرایەوەو بەستەڵەکی سەر فرۆکەکەیان توانەوەو گەشتەکەی بەسەرنشینی پڕەوە ئەنجام داو بەسەرکەوتوویش گەڕایەوە گەرچی چەند کاتژمێرێک بەبێ ویست و ئیرادەی فرۆکەخانە دواکەوت بەڵام گەشتەکانی میونشن هەولێر بووە دەسپێکی پرۆژەی هاوبەشی گەشتەکانی دوکان ئێرو ئەزمرئێر..دوای ئەوەش کە ئێوارەی چوارشەممە ١٢/٦ یەکەمین گەشت بەو جۆرە بەسەرنشینی پڕەوە بەڕێکرا لە فرۆکەخانەی سلێمانیش لەلایەن فرۆکەخانەو کۆمپانیای ئەزمڕ ئێرەوە پێشوازی لەستافی فرۆکەکەو جێگری کۆمپانیای ئاسمانی گێرمەنیاکراو لەهۆڵی میوانداری کێکی ئەوگەشتانەیان بڕی ولەگەشتێکی ئارام و ساناداا هەمان فرۆکە بەژمارەیەکی باشەوە لە گەشتیاران بەرەو ئەڵمانیا گەڕایەوە دانا محەمەد بەرپرسی پەیوەندیەکان و ڕاگەیاندنی فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی لەلێدوانێکدا بۆ پوک میدیا بایەخی زیادکردنی ئەو گەشتانەی لەچوارچێوەی فراوانبوونی گەشتەکاندا خستە ڕوو دیارە ئەوان پێشتریش لەگەڵ دوکان ئێر ئەزمونێکیان هەبوو کە هەمیشە گەشتەکانیان بەسەرکەوتوویی لەماوەی ساڵانی ڕابردودا وەسف دەکرا..لەگەشتی گەڕانەوەشدا شاندێکی زانکۆکانی کوردستان بەمیوانداریێتی ڕێکخراوی ئەکادیمی دادی ئەڵمانی و بەسەرپەرشتی دکتۆرە ئەندریا لەفرۆکەکەدابوون و بەگەیشتنیان بۆ ئەڵمانیاو دوای پشوودان سەردانی کۆمپانیای دوکان ئێریان کردو لەلایەن ستافی دوکان ئێرەوە بەگەرمی پێشوازیان لێکراو سەبارەت بە مێژووی ئەو گەشتانەو شێوازی کارکردن و باوەڕومتمانەی گەشتیاران ڕونکردنەوەی پێویستیان دانێ و ئەو گەشتانە بەبایەخەوە هەڵسەنگێنراو شاندی میوان پیرۆزبایی ئەو گەشتە سەرکەوتوەیان لە دوکان ئێرو ئەزمەرئێرکردو دواتر بەشەکانی کۆمپانیاکەیان بەسەرکردەوە بڕیاریشە لەماوەی هەفتەیەکدا شاندی زانکۆکانی کوردستان سەردانی زانکۆی ماربۆرگ و هەندێک لە دامەزراوەی ئەکادیمی و زانستی ئەڵمانی بکەن.. دکتۆر ئەنوەرئەبوبەکرجاف ئەندامی ئەو شاندە پێی وتین ئەم شاندە پێکهاتووە لە زانکۆکانی سێ پارێزگای کوردستان وپسپۆریەکانی کۆلێجی ڕامیاری وکارگێڕی و زانستی کۆمەڵناسی و پزیشکی سەردانەکەشمان سەردانێکی مەیدانی و زانستیە بۆ سودوەرگرتن لە ئەزموونی ئەڵمانیاو گۆڕینەوەی زانیاری زانستی..لەبەشێکی تری قسەکانیدا ستایشی ئەو گەشتەی کرد کە لەسلێمانیەوە پێی گەیشتۆتە ئەڵمانیاو پێی وابوو گەشتێکی ڕێکوپێک و بێ تاسەو گرفت بووە شایانی باسە ئەو گەشتانە پرۆژەیەکی هاوبەشەو مانگانە ٨ گەشت لەمیونشنەوە بۆ وڵات ئەنجام دەدرێ ودابەش دەبێ بەسەر چوارگەشتی هەفتانەدا بۆ هەریەک لە فرۆکەخانەی هەولێرو سلێمانی واتە هەفتانە دووگەشت بەمەش گەشتە ئاسمانیەکانی هەولێرو سلێمانی فراوانبونێکی باش بەخۆوە دەبینێ و سەرەنجامیش وەک دەستکەوتێکی ئازادیەکان..ئەزموونی گەشتی ئاسمانیمان دەوڵەمەند دەکات.

*سەبارەت بە و گەشتەنوێیەی میونشن سلێمانی و سەردانی شاندی زانکۆکانی کوردستان بۆ ئەڵمانیا..وەک گەشتێکی زانستی.. کلیکی ئێرە بکەو گوێبیستی دکتۆر ئەنوەر ئەبوبەکرجاف بە:

*




C 10
Germania






















Germania
Germania
















سەردانی شاندی زانستی زانکۆکانی کوردستان بۆ ئەڵمانیا